# شەونم

هۆنراوەی (91)

به صوت بلبل و قومری اگر ننوشی می

بەدەنگی بولبول و قومری ئەگەر نەخۆیەوە مەی
سەرئێشەتە ئەوە ئاخر عیلاجە داغی کەی
کە گوڵ نیقابی فڕێدا و مەلیش چریکاندی
نەکەی پیاڵە فڕێ دەی، نەکەی نەخۆیەوە مەی
هەتە کە ئاوی ژیانێ بە تینوەتی مەمرە
کەلامی خوایە(من الماء کل شیء حی)
لە رەنگ و بۆنی بەهاری زەخیرەیەک داخە
کە زوو بەزوو دەگەنێ رێگرانی بەهمەن و دەی
زەمانە هەرچی ببەخشێ دوبارە دەیسێنێ
نەبێ تەماع و  هومێدت بە پیاوەتی سپڵەی
بەقایەکی نیە حوکمات و تەخت و شان و شکۆ
لە تەختی جەم قسە ماوە و لەتاج و ئەفسەری کەی
خەزێنەداری ماڵی ئیرسگران کفرە
بەقەولی موتریب و ساقی و بەشایەدی دەف و نەی
رەقەم کراوە لە هەیوانەکەی بەهەشتی خوا
بەشی کەسێکی کە دنیاپەرستە  وەیلە و وەی
سەخی نەماوە قسان ببڕەوە لە کوێیە شەراب
وەدە بەشی مەش و خۆشت وەخۆ بەیادی تەی
لەچەر لە رەحمەتی خوا بێ بەشە وەرە حافز
بخۆ و سەخی بە وەباڵت بەگەردنم سا دەی

حافزی حەقیقی